# کچانی خوا

## جیهانی شاراوەی ژنانی ئیسلام

## جیرالّدین بروکس

***Nine parts of desire***
***Geraldine Brooks***

**عەلی کوڕی ئەبووتالیب، مێردی فاتیمەی کچی محەممەد و دامەزرێنەری ڕێبازی شیعە لە ئیسلامدا، دەڵێت: "خوای گەورە هەوەسی کرد بە دە بەشەوە، پاشان نۆ بەشی دا بە ژنان و یەك بەشیش بە پیاوان"**

"زەعیفەکەی" ژێر سایەی ئیسلام، لە پیاوە چارە ڕەشەکەی لای خۆمان دەچێت، کە تەنیا لە شوتیدا بەختی سپییە، ئەمیش، بە بۆچوونی ئیسلام، تەنیا لە هەوەسی سێکسیدا بەهێزە. ئەم بەهێز بوونە مایەی چ چارە ڕەشییەکە بەسەر ژنانی ژێر سایەی ئیسلامەوە، بابەتی کتێبێکە بەناوی (نۆ بەش لە هەوەس) کە لەلایەن جۆرنالیستی بەناوبانگی ئستراڵییەوە (جیرالّدین بروکس)ەوە، بە زمانی ئینگلیزی، نووسراوە. ئەم کتێبە بە شێوەیەکی دیکومێنتی هەلومەرجی کار و ژیانی ژنانی ژێر سایەی ئیسلام دەداتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. وەك بروکس دەڵێت: " هەرکەس بۆ یادگاری سەفەرەکانی ڕێگای خۆی هەیە. هەندێك یاداشتی ڕۆژانە هەڵدەگرن. هەندێکی تر وێنەی فۆتۆگرافی دەگرن. منیش دەچمە ژووری نووستنەکەم و کەنتۆرەکە دەکەمەوە. لەوێدا یادگارییەکانم هەڵواسراون، کەلوپەلی شەش ساڵ و بیست وڵات. سەرپۆشێکی بەدەست چنراوی سوور و ڕەش، هێشتا بۆنی دووکەڵی ئاگردانی چێشت لێنانی ژنێکی کوردی لێدێت، کە لەسەری خۆی کردەوە و بەسەری منیەوەی پێچا. کراسێکی فەلەستینی درێژ کە ڕەحمەی دایکی ڕاید، بەدەستی خۆی بۆی دووریم، تا لە نێویاندا لە حەوشە بە ئیسراحەت دانیشم. هێشتا "قاتە مەلیکییەکەم" ماوە، شوێنە دڕاوەکەی، کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

له گەشتێکدا لەگەڵ مەلیك حسین بۆ بیابان درا، بە وردییەکی زۆرەوە دووراوەتەوە کە بە زەحمەت دەبینرێ. پێڵاوی بووکێنییەکەمم فڕێ دا - کە ئەو جارە بە خوێنی حوشتر خوێناوی بووبوو. و بەئەنقەست ئەو جووتە گۆرەویە ڕەشەم هەڵگرتووە، کە بە پەلە ناچار بووم بیکڕم، کاتێك پشکێنەری جلوبەرگی ئیسلامی لە بانکێکی تاران ناڕازیبوو بە دەرکەوتنی یەك ئینج گۆرەوی تەنك لە نێوان لێواری عەبا و پێڵاوەکانمدا.

نەرم و نیان عەبا ڕەش خۆی بەسەر عەلاگەدا شۆڕکردۆتەوە، ..." ژنانی نمونەی بروکس لە هەلومەرجی زۆر جیاوازەوە هاتوون، هەرچەند یەکسانن لە ستەمێك کە لێیان دەچێت. لە ژنانی جەنگاوەری بەرەکانی جەنگی ئێریتیریا تا شەمس ئەلبارودی، ئەکتەری بەناوبانگی میسری، فاتن و ڕەحمەی ژنەکانی ڕابەرێکی حەماس لە ئۆردوگایەکی فەلەستینی ... و ژنانی بەر ژووری دۆشەکە پیسەکەی ئەمنە سوورەکەی سلیمانی. بەشێکی تری نمونەکانی بروکس ژنە "دەسەڵاتدارەکانی" جیهانی ئێسلامن. لە نوورای شاژنی پاشای ئەردەنەوە تا تانسو چیلەری ڕاوکەری کچانی دڵدار، هێرۆ ئەحمەدی خاوەن ڕیفۆرمی هەرگیز بە ئاوات نەگەیشتوو، خانم بەتولی ژنی خومەینی مڕوموچ، ... و بێنەزیر بۆتۆی خاوەنی پرۆژەی پۆلیسخانەی ژنانە. ژنە بەناوبانگ و مێژوییەکانی ئیسلام بەشێکی تر لە نمونەکانی بروکسن. لە خەدیجەی ژنی محەمەدەوە، کە تا ئەو ڕۆژەی سەرینایەوە لەبەرامبەر کاروانچێتی بازرگانییەکەدا کە محەمەد بۆی کرد، پارەی دایە، بەخێوی کرد و پلەوپایەیەکی پێدا، بەڵام هیچ کات ئەو ئایەتە قورئانییەی نەبیست و گوێلێ نەبوو کە دەڵێت: "پیاوان کارساز و سەرپەرشتی ژنانن، لەبەرئەوەی خوا هەندێ لەوانەی بەسەر هەندێکا فەزیلەت داوە، ..." تا عایشە کە لەسەر پەتی جولانە هێنایەنە خوارەوە و بە بووکە شووشەکانییەوە لە محەمەدیان مارکرد، "قەحبە دەستخەناوییەکانی" حەزرەموت کە لە خۆشی مردنی محەمەد بە دەف و هەلهەلەکێشانەوە ڕژانە سەر جادە، ... و کچە تارانییەکی حیجابلەبەر کە ئەکتەرێکی سریاڵی یابانی سیمبولی بوو تا کچ و ژنەکانی محەمەد.

جێراڵدین بروکس وەك پەیامنێرێکی ڕۆژئاوایی بە دوای هەواڵدا، پایزی 1987 دەگاتە قاهیرە. یاریدەدرێکی دەبێت بۆ وەرگێڕان بە ناوی سەحەر. وەك بروکس دەڵێت: "تەمەنی بیست و پێنج ساڵ بوو، شەش ساڵ لە من منداڵتر بوو، بەڵام وەك

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەڵسوکەوت و سەردەرچوون لە هەموو شتێکدا، من دە ساڵ لەو منداڵتر بووم. زمانی ئینگلیزیەکەی تا بڵێی ڕەوان و بێ هەڵە بوو. بۆ جەماوەری کردنی هەواڵ، گرنگ نەبوو سەرمان لە کوێ بدایە، دەچووینە سەر خانوویەکی ڕووخاو لە گەڕەکە هەژار نشینەکاندا یان بۆ بینینی تکەکردنی زێرابیکی هەرەمەکان، سەحەر وەك ئەوەی بچێت بو شایی و زەماوەند، خۆی دەڕازاندەوە. سووراو و سپیاوەکەی ئەوەندە ئەستور بوو، پێویستت بە فڵچەو و پاچ و پێمەڕی ئەرکۆلوجی هەرەمەکان بوو بۆئەوەی هەڵیکەنی تا بزانی ڕەنگی پێستی سەحەر لە ڕاستیدا چۆنە. کام ڕەشەبا بەهێز بوو، نەیدەتوانی ئارایشی قژی تێکبدا. بە جووتێ پێڵاوی کالەوە، هەردەم لە هەوڵی ئەوەدا بووم فریا بکەوم پێ بە پێی سەحەر دەرچم و هەستم دەکرد لە چۆلەکەیەك دەچم کە لەهەوڵی پاراستنی هاوڕێیەتی تاوسدایە." لەپڕ بەیانییەکیان، کە یەکەم ڕۆژی ڕەمەزان بوو، سەحەر دەبێت بە سەحەرێکی تر و بروکس بۆ چەند ساتێك نایناسێتەوە. " ئەو قژە لوولە پاکانەی لە ژێر سەرپۆشێکی شیندا قایم شاردرابۆوە. باشترین زەرەبین، ئاساوارێکی لە سوور و سپیاو نەدەبینیەوە. گوێنییەکی خۆڵەمیشی جێگای جلوبەرگە تەسك و تروسکەکانی گرتبۆوە. سەحەر جلوبەرگی ڕەسمی موسڵمانانی بونیادگەرای وەك جلوبەرگ هەڵبژاردوە. وەك ئەوەی تەماشای فلیمێکی سروشتی بکەم، بەڵام بە پێچەوانەوە نیشان بدرێ: سەحەر باڵە ڕەنگینە جوانەکانی وردە وردە بچووك دەبێتەوە و نامێنی، ئینجا دەچێتە ناو قۆزاخەیەکی خۆڵەمێشیەوە." لە بۆچوونی بروکسەوە، ئەم گۆڕانەی سەحەر گۆڕانێکی ئاسایی و تاکەکەسی نەبوو، بەڵکو سەرئەنجامی سەرهەڵدان و گەشە کردنی بزووتنەوەی ئیسلامی بوو. بەڵام سەحەر دەرگای جیهانێکی بۆ بروکس کردەوە، کە تیادا ئاشنا دەبێت بە تەواوی کێشەکانی ژنانی ژێر سایەی ئیسلام، بە بۆچوونێکی ئینسانی و یەکسانیخوازانەوە ئەم کێشانە دەبنە مەیدانی لێکۆڵینەوەی بروکس. کێشەکانی وەك حیجاب، چەند ژنە، خەتەنەی ژنان، بەردباران، لە دین وەرگەڕان ... هتد، باری مێژویی ئەم کێشانە، کاریگەری هاتنی ئیسلام بەسەر ژنانەوە، پەیوەندی داب و نەریت و ئسلام بە چەوساندەوەی ژنانەوە، قورئان، حەدیس و سوننەتەکانی محەمەد لەم کێشانەدا دەڵین چی، سەرهەڵدانەوەی تازەی بزووتنەوەی ئیسلام بۆ ژنان چ پەیامێکی پێیە. ئەگەر بەشێك لە باس و لێکۆڵینەوەکانی بروکس

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەسەر جێگا و ڕێگای ژنانە لە ئیسلامدا، ئەوە بەشەکەی تری دەور و جێگا و ڕێگای ئیسلامە لە لای ژنانی ئازاد و یەکسانخواز. لەم پەیوەندەدا بروکس دەیان پرسیار دەخاتە بەردەم ڕێگای بزووتنەوەی یەکسانی خوازی ژنان و دەیان دەرگا دەکاتەوە بۆ قسەوباس و وەڵامەکەی بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت، بەڵام بەشێوەی زۆر ئەدەبییانە کە ئەمە نمونەیەتی: "لە بیرم چووبۆوە چەند حەزدەکەم لەگەڵ ژناندا بم. سەرەڕای ئەوەی، کە هەردەم ناخۆشییەك خۆی مەڵاس داوە، هەتا لەگەڵ خۆشترین دیداردا. بە چیچکانەوە دانیشتن لە عەرزی چێشتخانەی هاوڕێیەکی کورد و یارمەتیدانی ژنانی نانکەر، بۆم دەرکەوت کە چ خۆشی و شادییەکە تەنیا ژنان لێتکۆببنەوە بۆ ئەنجامدانی کارێك کە تەنیا کاری خۆمان بێت. کاتێك کە ژنە دەست و پەنجە لێهاتووەکان گونکیان فڕێدەدایە ژێر تیرۆکەکەم و ئاگری ژێر ساج قرچ و هوڕی بوو، هەستی ئاسودەیی بەشداری کارێك، هەموو گیانمی داگرت.

بەڵام پاش کاژێرێك کارکردن، شان و ملم کەوتە ئازار و عارەق بە پشتمدا جۆگەلەی بەست، بێزار بووم لە کوڕێکی بچکۆلە کە بەسەرماندا دەهاتوو دەچوو و بە دانە شیرییەکانی کەوتبووە جووینی تیکە نانی گەرمی لەسەر یەك هەڵچنراو. خوشکە بچکۆلەکەی کە زۆر گەورەتر نەبوو، هەر لەئێستاوە یەکێك بوو لە ئێمەی نانکەر. بۆچی هەروا زوو لە منداڵییەوە وای پەروەردە دەکەن کە خوشکەکەی دەوری زەحمەتکێشی بۆ خۆشی براکەی ببینێ؟"

ئەگەر لە دنیایی 'فانی'دا پیاوە چارە ڕەشەکە تەنیا لە شوتیدا بەختی سپییە، ئەوا لە دنیایی 'ئەبەدی'دا لەوانەیە شوتییەکەی سوور دەرچێت، وەك ئەوەی خوا بەڵێنی پێداوە:" لە باخچەیەکی پڕ پیت و بەرەکەتدا، لە تەنیشت فوارەی ئاو و سایەی سێبەردا، ئیماندارانی نێرینە کەوتونەتە بەر ناز و نیعمەتی فریشتەی ئاسمانی شۆخ و شەنگەوە، "ڕەنگی دەموچاویان لە یاقوت و مرواری دەکات،" بە بینینی هەر پیاوێك چاویان لە جوڵە دەکەوێ و "هیچ پیاوێك لەوەوپێش ئەمانەی نەکردووە بە ژن."" کەچی 'زەعیفەکە' لە کوردەکەی هەر دوو دنیا بووە. بەڵام بروکس بە پیشاندانی ڕاستییەکان و هێنانەوەی نمونەی زیندوو بە خوێنەری خۆی دەڵێت ڕێگای بەرابەری ژناندا لە چیدایە، سیاسەتی ئیستای وڵاتانی ڕۆژئاوایی چۆنە و دەبێت چۆن بێت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

"له قسه‌وباسی بت په‌رستانی مه‌ككه‌دا، قورئان گاڵته به په‌رستیارانی سێ بتی ژن ده‌كات، كه ناسراون به "كچانی خوا". "بۆچی، قورئان ده‌پرسێ، خوا كچی هه‌بێت، له كاتێكدا هه‌تا كه‌سانێكی سووك و هیچ له‌بارانه‌بووی نێرینه ده‌توانن كوڕانێكی خوازراوی زۆرتریان هه‌بێت؟"" 'نۆ به‌ش له هه‌وه‌س' بۆ هه‌موو زمانه جیهانییه‌كان وه‌رگێڕدراوه، له زۆربه‌ی ئه‌م وه‌رگێڕانه‌دا ناوی ئه‌م كتێبه بووه به 'كچانی خوا'. منیش هه‌ر ئه‌م ناوه‌م بۆ هه‌ڵبژارد. 'كچانی خوا' به تیراژی دوو هه‌زار له كوردستان كه‌وته بازاره‌وه.


وه‌رگێڕ: نوری كه‌ریم

Nourikarim52@yahoo.com

27.11.2005


PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com